# تورکیا.. هەرای میدیاو خەونی ژەنەڕاڵەکان!

**محەمەد حاجی کەریم**

بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، یەکەمین کۆبوونەوەی هەرسێ دەوڵەتی ئەمریکاو تورکیاو ئێراق لە سەر پرسی پەکەکە لە ئەنقەرە بەڕێوەچوو. نوێنەری تورکیا ژەنەڕاڵ (ئەدیب باشیر) جارێکی تر نیازی تورکیای لە بەردەوامبوونی شەڕو بە پیرەوە نەهاتنی ئاگربەستی کوردان پیشاندا، ئەوەشی دووپاتکردەوە، کە ئەوان تا چەکدارێکی جوداخواز مابێ شەڕدەکەن.

ئەنقەرە هەڵەیەکی گەورە دەکات، کاتێك ڕێگا چارەی ئاشتی وەلا دەنێو درێژە بە هەڕەشەکانی دەداو نکۆڵی لە کێشەی نەتەوەیەك دەکات.

چەند جارێکە پەکەکە نیازپاکی خۆی پیشان دەداو ئاگربەست ڕادەگەینێت، وەلێ تورکیا هەنگاوێك ناچێتە پێشەوە، کورد ئامادەی گرتنەبەری ڕێگاچارەی دیموکراسییەو داوای دیالۆگ دەکات، کەچی تورك هەموو جۆرە دانوستانو گفتوگۆیەك ڕەتدەکەنەوە. کورد بانگەوازی ئاشتی دەکات، کەچی تورك ئەو ڕێگایەی مەبەست نییە.. ئەمە ڕێك لە لێدوانەکەی( یاشار بویوك ئانت) فەرماندەی گشتی سوپای تورکیا ڕەنگدەداتەوە، کە چەند جارێکە لە وەڵامی ئاگربەستی پەکەکە دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەنقەرە هەتا دوایی شەڕدەکاتو بە هیچ شێوەیەك ئاگربەستی قبوڵ نییە.

جێی پرسیارە تورکیا داوای چەك داماڵینی پەکەکە دەکات، بەڵام خۆی هیچ پرۆژەو ئەلتەرناتیڤێکی بۆ کێشەی کورد لەو وڵاتە پێ نییە؟.. ئەمەش بەردەوامی سیاسەتی تەسکبینانەی تورکیا دەردەخات، بەرامبەر کێشەی کورد، کە مێژوویەکی درێژخایەنی هەیە.

نەبوونی ڕێگا چارەی دیموکراتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، جگە لە قوڵکردنەوەی زیاتری کێشەکانی ئەو  وڵاتە، ئاکامێکی دیکەی نابێ. لە ڕۆژگاری ئێستا مامەڵەکردن لە دەرەوەی هاوکێشەو پەرەنسیپەکانی لێکتێگەیشتنو گفتوگۆ مانایەکی نییە، مەگەر مانای ڕەشکردنەوەی بەرامبەرو کوشتنی جیاوازییەکان نەبێت، کە ئەم حاڵەتە ڕێك لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی تورك پەیڕەو دەکرێت.

وڵاتێك کار بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا دەکات، کەچی ژەنەڕاڵە بڕیار بەدەستەکانی، هەموو ڕێگاکان جگە لە ڕێگای زەبرو زەنگ ڕەتدەکەنەوە.

سوپای تورکیا تاکە سوپای دنیایە، لە دەرەوەی سیاسەتی حکومەت کار دەکات، چونکە ئەو سوپایە کە لە لایەن ژەنەڕاڵەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، تا ئێستا بەپێی دەستوری سەردەمی کەمال ئەتاتورك بەڕێوە دەچێت. ژەنەڕاڵ (یاشار بویوك)ی فەرماندەی گشتی سوپا، دوای ئەوەی لە کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵ ئەم پۆستەی لە ژەنەڕاڵ (حیلمی ئۆزکوك) وەرگرت، بە بەردەوامی لێدوانی توندو هەڕەشە ئامێز دەداتو بە بیانووی لێدانی پەکەکە پێ لە سەر بەزاندنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان دادەگرێت.

تورکیا هەر بەوە ناوەستێ، بە ئاشکرا دەست لە کاروباری ئێراقو کوردستان وەردەدات، قسە لە ئایندەی کەرکوك دەکاو بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی، شاندی پەرلەمان ڕەوانەی ئەو شارە دەکات، داوای دواخستنی ڕاپرسی کەرکوك، کە لە دەستووری ئێراق هاتووە بۆ (10) ساڵی دیکە دەکات. لەو لاشەوە ئەنجوومەنی نەتەوەیی تورك ڕایدەگەینێت، کە تورکیا بۆ بەرگریکردن لە کەمینەی تورکمان لە کەرکوك مافی بەکارهێنانی هێزی سەربازی هەیە.

پرسیار ئەوەیە ئەنقەرە بە چ هەقێك خۆی لە مەسەلەیەکی هەستیاری وەك کەرکوك هەڵدەقورتێنێ، بەچ هەقێك دەست لە کاروباری وڵاتێکی دراوسێ وەردەدات؟ بۆچی بۆ خۆی بە ڕەوای دەزانێ لە پێناو تورکمانەکانی کەرکوك هێز بەکار بهێنێت، کەچی مەبەستیەتی شەڕی پەکەکە بە حکومەتی کوردستان بکات. گوشارەکانی ئەم دواییەی تورکیا بەرامبەر ئێراقو هەرێمی کوردستان، مانای درێژبوونەوەی هەمان تێڕوانینو عەقڵیەتی جارانیەتی، کە هەڵقوڵاوی ڕۆحی ناسیۆنالیستی تەسکبینانەی دەسەڵاتداریەتی ئەو وڵاتەیە.

تورکیا لایەنگریو هاوکاری خۆی بۆ تورکمانەکانی ئێراقو کوردستان ناشارێتەوە، کەچی بە تۆ دەڵێت دەبێ لە سەرکوتکردنی کوردەکانی باکور  هاوکارو یامەتیدەرم بیت.. ئاخر  ئەمە چ مەنتقێکە؟!

وەك تێبینی دەکرێ لە بەرامبەر فشاری تورکیا، هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، بەتایبەت هەڵوێستی سەروکی هەرێمی کوردستان ڕوونەو ڕۆڵی دیاری هەیە لە گۆڕینی هاوکێشەکانو وێنەی کێشەی کوردانی باکور، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە نەبوونی هەڵوێستێکی ئاشکرای حکومەتی ئێراقە لە بەرامبەر فشارو دەستێوەردانی حکومەتی تورکیا لە کاروباری ئێراق و هەراو هوریای میدیای ئەو وڵاتە بۆ چونە ژێر باڵی داخوازیەکانیان، کە خۆی لە لێدانی پەکەکە دەبینێتەوە.

بێگومان چوونە ژێر باڵی داخوازیو پاڵەپەستۆکانی تورکیا مەترسییەکان زیاتر دەکات، نابێ جارێکی دیکە هەڵەکانی ڕابردوو دووبارەببنەوە.. بەداخەوە حکومەتی ئێراق نەك تەنها لە ئاست دەستێوەردانو لێدوانە ژەهراوییەکانی کاربەدەستانی تورك بێ دەنگە، بەڵکو خەریکە ئەچێتە ژێر پاڵەپەستۆو نیازو خەونی دێرینی ژەنەڕاڵەکانیان.